# "پرێس تی وی" و  کاڵفامی دەڕاستەکان

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



بە سەرنجدان بە چەندین نمونە لەو دانپێدانانەی کە لە تەلەویزیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە، چەندین نیشانە دەردەکەوێ، کە بەر لە هەموویان سیمایەکی تێکڕووخاو و تێکشاوی دانپێدانەر خۆی دەنەوێنی و بە سەرنجدان بە خەسلەتەکانی حکومەتێکی دیکتاتۆر،  بەبێ هیچ کلۆجێک بە ئەنجامی کردەوەی ئەشکەنجەی "دیل"مان دەگەیەنێت. دیارە پاش ئامادەبوونی قوربانیی بۆ بەر شاشەی تەلەویزیۆن، بەشێوەیەکی گەڵاڵەدار ئەو قسانە دووبارە دەبنەوە کە ڕاسپێردراوە.
مەبەست لە نیشاندانی ئەم دانپێدانانە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەرلەهەموو شتێک دەتوانێ بەدیلگیراو (قوربانی) لەباری کەسایەتییەوە بەتەواویی تێکبشکێنێ و هەروەها هاوڕێ و هاوبیروباوەڕەکانی تووشی قەیرانی دەروونی بکا. بەڵام لەوانە گرینگتر، ئامانجی دەسەڵات لە نیشاندانی ئەم دانپێدانانە، کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەک کە دەبێ ئاساییشی لە لایەن خودی ئەندامانی ئەو ژینگەیە لێبستێندرێتەوە و بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و شۆک و قەیرانی ئاسایشیدا بژیت. ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەیتوانییێ قوربانیی ڕازی یان ئامادەی بکا بۆ دانپێدانان و ڕاسپاردەکانی خۆی، لەباری سیاسییەوە قوربانیی سڕیوەتەوە یان لەسێدارەی داوە.
بەم پێیە دەسەڵاتی سەرکوتگەر لە هەنگاوی یەکەمدا دەیەوێ ئەوە بە کۆمەڵگا بقبوڵێنێ کە تاوانباری سەرەکیی بۆ لەسێدارەدان و زیندانیی و کوشتار و گوشاری سیاسی و ئازادنەبوونی دەربڕینی بیر و ڕا، ئەم دانپێدانەرانە و پاڵپشتەکەیانن و ئەمانەن تێکدەری ئاسایشیی کۆمەڵگا! لەلایەکی دیکەوە دەیەوێ لە باری ڕەوانی و فکرییەوە ئەوە لە کۆمەڵگادا ڕۆبنێ کە هەرچەشنە توندوتیژیەکی حکومەتی کردەوەیەکی ڕەوایە و بەمجۆرە پاساویان بۆ دەهێنێتەوە و لانیکەمی دەسکەوتەکەشی ئامادەکردنی کۆمەڵگایە کە لەبەرامبەر ئەم داپڵۆسینە لەناوبەرەی دەسەڵاتدا حاڵەتێکی گۆشەگیرانە یان سڕ بۆ وەڵامدانەوە یان نارەزایەتیی لەبەرامبەر حکومەتدا بگرن.

پێموایە دیتن و بڵاوبوونەی ئەمچەشنە دانپێدانانە کە دەمێک ساڵە ئەنجام دەدرێ، بەر لەهەمووشتێ بەرۆکی دەسەڵات دەگرێتەوە، دۆڕانی تەواو چیەتی ئەو حکومەتە زەق دەکاتەوە، هەروەها لە باری ئەخلاقی و سیاسییەوە ڕووخانی زیاتر دەردەخا.
لەباری فۆرمییەوە کە لە ویدیۆکە بڕوانین ئەوە دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک گوشار و ئازاردان و ناچارکردن بەرچاوە، دەبینین کە یەکێک لە دانپێدانەرەکان (ئەکبەر گەویلی) کاتێک دەیەوێ سیناریۆی شوێنی شاردنەوەی تەقەمەنییەکان نیشان بدا، دەست و پێی بە زنجیر بەستراوە. بەر لەهەموو شتێک ئەوە بۆ بینەر و بەردەنگ دەبێتە جێی سەرنج کە بەدیلگیراو لە ژێر گوشار و ناچارییەوە لەو شوێنە و لەبەرامبەر کامێرادا ئامادە کراوە.




بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە بۆ پاساوی بەناو دانپێدانانەکان چەند کەسێک بەناوی لێکۆڵەری سیاسی دێن ڕێ بۆ قبوڵاندنی دانپێدانانەکان خۆش دەکەن، من پێموایە هیچ تاوانێک بەرۆکی دانپێدانەرەکان ناگرێتەوە، کە هەر قسەیەکیش بکەن و ناکرێ بەچاوی شۆڕشگێرانە لە هەموو پرسێکی بەدیلگیراو بڕوانین و بارودۆخی تایبەتیی و سایکۆلۆژیکی ئەوان وەبەرچاو نەگیرێن، بەڵام ئەو کەسانەی دیکە کە ئامادەن بۆ شرۆڤەی هۆکارەکانی ئەو ڕووداوانەی کە ئەوان باسی دەکەن جێی سەرنجە. ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ڕووی ئەم وتارە لەو کەسانەیە کە ڕاستەوخۆ

بانگهێشتی Press Tv بوون. شێوەی تێڕوانینیان بۆ ڕەوتێکی تایبەت بێگومان ناکرێ نکۆڵی لێبکرێ و ئەوە سەربەخۆیی فکریی و مافە. بەڵام ئەوەی کە لە کوێ و بە چ مەبەستێک ئەنجامدەدرێ، واتە شوێن دەربڕینی بیروڕا و زەمینە و زەمانی دەربڕین و تەوەری بەرباس هەمووی ئەوانە دەتوانن ئاراستەی فکرەکە دژ بە کۆمەڵگا یان بەقازانجی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و بۆ مەشروعیەتدان بە کردەوەکانی، بگۆڕن. ڕوانگەی ئەو کەسانەی بەناوی لێکۆلەری سیاسی یان چالاکی مافی مرۆڤ لەو بەرنامەیەدا، بەر لەهەموو شتێک شەرعیەت دانە بە هەموو کردەوە کوردکوژییەکانی حکومەت. ئەم قسانە لە هەر پێگەیەکی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوەیی بێجگەلە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی لە لای منی بەردەنگ بە ئاسایی لەقەڵەم دەدرێ و وەک جیاوازی بیروڕا و مافی جیاوازبیرکردنەوە سەرنجی پێدەدەم.




بۆ پاساوی بەشداری کردنی یەکێک لە ئاخێوەران "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" ڕونکردنەوەیەکی کورت بەمجۆرە بڵاو دەکاتەوە:

" در پی شرکت اجلال قوامی در برنامه پرس تی وی تلویزیون جمهوری اسلامی ایران سوالاتی دراین باره دریافت شد که بدینوسیله این دبیرخانه لازم می داند به اطلاع برساند که تلویزیون پرس تی وی در برنامه ای در خصوص موضوع تروریسم با معرفی اجلال قوامی به عنوان سخنگوی سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان، صرفاً موضع این سازمان را درباره تروریسم جویا شده بود و آقای قوامی بدون نام بردن از حزب و گروه خاصی نظر و موضع سازمان را که بارها بیان شده در مربوط دانستن تروریسم و استفاده از اعمال و رویه های تروریستی تکرار کرد و تائید نمود که این عمل در هرجای جهان عملی غیرموجه، مردود و محکوم است. شنبه 1 بهمن 21/1390 ژانویه 2012"... (سەرچاوە : (http://hro-kurd.net/article.aspx?fld=fa/Data&id=252).

ئەم ڕاگەیاندراوە گومان و پرسیارەکان لە لای منی بەردەنگ زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە، کە بەرپرسی ڕێکخراوەکە "محەمەد سەدیق کەبودوەند" بەتاوانی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نایاسایی و لەقاودانی سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەندیخانەدا توند دەکرێ، بەشێک لە ئەندامانی دیکەی دەستبەسەر دەکرێن یان ناچار دەکرێن وڵات بەجێبێڵن و یان دمکوتبوون هەڵدەبژێرن، بەڵام کەسێک بە نێوی وتەبێژی هەمان ڕێکخراوە پێشوازیی لێدەکرێ. دەبێتە شرۆڤەکاری مافی مرۆڤ، لەکاتێکدا بەرپرسەکەی لە زینداندا لەبەر هەمان چالاکیی خۆڕاگریی دەکا!!